## زیـــاد بورجـــی:

# هونەر پەیامێکی پیرۆزە و پێویستە ناشیرین نەکرێت

**● زیاد بورجـــی هونەرمەندێکی خاوەن بەهرەیەکی جـــوان و بەهێزە و توانی بەتەحەدداکردنی هەموو نەهامەتییـــەکان لەمیانەی ڕێڕەوی هونەرییدا بگاتە ئاســـتێکی زۆر پێشکەوتووی هونەری، لەدیمانەیەکدا هونەرمەند زیاد بورجی بەڕاشکاوی چەندین پرسی تایبەت بەخۆی و هونەرەکەیمان بۆ دەخاتەڕوو.●**

بەیرووت : ڤاییان علوان



*** تێبینی ئەوە دەکرێت ئێوە بەقۆناغێکی پڕ بەرهەم تێدەپەڕن؟**

- بەڵێ وایـــە ئەم ماوەیە بەهـــاوکاری و هەماهەنگی کۆمپانیای (AMPM) بۆ بەرهەمی هونـــەری کە خاوەنەکەی جیلبێر فەیازی بەڕێوەبـــەری کارەکانمە، ئەو کۆمپانیایە دەرفەتی چەندین ئاهەنگ و فیستیڤاڵی گرنگی بۆ فەراهەم کردم.

*** تائێســـتا لەدەرگای هیچ کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانت نەداوە؟**

- نەخێر تاوەکو ئێســـتا بیرم لەم مەسەلەیە نەکردۆتـــەوە، چونکـــە کۆمپانیای AMPM و گیلبیـــر کارەکانم بەڕێوە دەبەن، مـــن و گیلبیر توانیومانە لەکارەکانمـــان ســـەربکەوین و ســـوپاس بـــۆ خوا دەتوانیـــن بەبـــێ کۆمپانیـــای دیکە ســـەربکەوین، بەڵام ئەمـــەش واتای ئەوە نییە داوای دیکە نەبێ کە لەوانەیە ڕەزامەندیی لەسەر بدرێت ئەگەر لەوەی بەردەســـتمان زیاتر فەراهەم بکات.

*** ئەمەش وای لێکردی بتوانی بەرهەمەکانـــت بنووســـیت و ئاوازیان بۆ دابنێیت؟**

- جاران خۆم کارەکانم بەڕێوە دەبرد و ژیانی خۆم لەگەڵ چەند کۆمپانیایەك تێکدا کە گرنگیی بەکارەکانم نەدەدا، بەڵام ئەمڕۆ کاتی ئەوەم هەیە گرنگی بەهونەرەکەی خۆم بدەم و سوپاس بۆ خوا توانیم پەرە بەخۆم بدەم و خۆم بسەلمێنم.

*** بەهرەی دیکەی شاراوەت لەناخی خۆتدا نەدۆزیوەتەوە؟**

-لەدەستپێکی کاری هونەریمەوە خۆم ئاواز بۆخۆم دادەنێم و ئاوازم بۆ زۆر هونەرمەندی دیکە داناوەو هۆنراوەشم پێداون، من لەگەڵ شاعیر ئەحمەد مازی ڕێککەوتوم تا بەیەکەوە کاربکەین بۆ چەند هونەرمەندێکی بەناوبانگ.

***چ هونەرمەندێك زیاتر پێت خۆشە کاری لەگەڵدا بکەیت؟**

-کەسی دیاریکراو نییە، من لەگەڵ هونەرمەندی گەورە جۆرج وسووف کارم کردووە و لەڕۆژانی دادێش لەگەڵ نانسی عەجرەم و ئەلیسا و فەزڵ شاکر و راغب عەلامە و دارین حەدشیتی و سەلمان حەبیب کاری هاوبەشمان دەبێ.

***چ وای لێکردنی بەشداریی درامای (غلطة عمری) بکەیت؟ ئایا بۆ ناوبانگیی زیاتر بوو؟**

- نەخێر من حەزم لەموجازەفەیە بەتایبەتی لەکارە چارەنووسسازەکاندا، نازانم ئەگەر تەنیا بۆ ناوی خۆم قبوولکرابم بۆ ڕۆڵ بینین لەم درامایە، بەڵام لێکچوونێکی زۆر لەنێوان کەسایەتیی خۆم و کارەکتەرەکە هەبوو بێگومان هەر مرۆڤێك بەدڵ کاربکات سەردەکەوێت.

***باسی کام لێکچوون دەکەیت؟**

-ئەو ڕۆمانسییەتەی کە پیاوی ڕۆژهەڵاتی شەرم لەئاشکراکردنی دەکات.

***چ بەو ئاوازدانەرانە دەڵێیت کە ئاوازی خەڵکی دیکە دەبەن؟**

- ئەمە لووتکەی شکستهێنانە، ئەو ئاوازدانەرەی وا دەکات دزی پلە یەکە، چونکە زۆر عەیبە فێڵ لەجەماوەر بکەیت نازانم ئەوانە چۆن بەهونەری دزراو کاردەکەن و چۆن چێژ لەهونەری دزراو وەردەگرن.

*** ناشیرینترین شت لەبواری هونەریدا چییە؟**

-بەڕاستی بەهۆی سەرقاڵیمەوە ئێستا ئاگام لەزۆر شت نییە، هونەر جوانە و پێویستە لەشتی ناخۆش و ناشیرین دوور بخرێتەوە و هونەر بەڕووخساری ڕاستەقینەی خۆیەوە نیشانبدرێت، هونەر پەیامێکی پیرۆزە و پێویستە ناشیرین نەکرێت.

*** لێدوانەکانی فەزڵ شاکر بەرامبەر چەند هونەرمەندێك چۆن دەبینی؟**

-لەشوێنی ئەو بوام ئەو قسانەم نەدەکرد، فەزڵ هاوڕێمە و کەسێکی داوێن پاکە و سومعەی پاکە و خاوەن دڵێکی گەورەیە، بەڵام وادیارە زۆر برینــدار بووە بۆیە ئەم لێدوانانەی لەدژی چەند هونەرمەندێك داوە، من لە ١٥ ساڵەوە ئەم هونەرمەندە دەناسم، بەڵام پێم باش نەبوو لەبەردەم ڕاگەیاندندا ئەو قسانە بکات.

***بەرهەمی نوێت چییە؟**

-گۆرانییەکی تازەی سینگڵە لەهۆنراوەی ئەحمەد مازی و ئاوازی خۆم بەشێوەی سنگڵ بەناوی «بجرب انساك»دواتر دەخرێتە سەر ئەلبومەکەم کە لە٩ گۆرانی و دانیشتنێکی هونەری پێکهاتووە.

*** هیچ جار سەردانی هەولێرت کردووە؟**

-نەخێر، بەڵام پێمخۆشە سەردانی بکەم و دەشزانم هەوادارم زۆرن لەنێو کورد دا و چەند هونەرمەندێکی کوردیش داوایان لێکردووم ئاوازیان بۆ دابنێم.

*** ئەو پەندەی بڕوات پێی هەیە لەژیانتدا؟**

-ڕەزامەندیی خوا و دایك و باوك.

# لامیتا لەسەر داوای دەرهێنەر خۆی ڕووت کردەوە

ئەکتەری لوبنانی لامیتا فەرەنجیە ڕوونیکردەوە کە دەرکەوتنی لەبەشی سێیەمی فیلمی (عەمر و سەلما) بەنیمچە ڕووتی بەویستی خۆی نەبووە بەڵکو لەسەر داوای دەرهێنەری فیلمەکە بووە.

لامیتا زیاتر وتی: دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان من و دەرهێنەردا، بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەبوو بەوەی پانتۆڵی جێنز لەبەر بکەم و داوای کرد بۆ هۆت شۆرت دەرکەوم و لەبەر ئەوەی خۆی بەرپرسە لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەکتەرەکان، ناچار ڕازی بووم بەهۆت شۆرت لەفیلمەکەدا دەرکەوم، سەبارەت بەڕۆڵی خۆیشی لەو فیلمەدا، لامیتا وتی: من ڕۆڵی کچێکی ئازاد دەبینم کە زۆر حەز لەسەما کردن و پۆشینی جلوبەرگی نا ئاسایی دەکات و لەبەر ئەوەی کە ئەکتەرێکی پیشەگەرم بەگوێرەی ویستی دەرهێنەر توانیم لەڕۆڵەکەمدا سەرکەوتوو بم جگە لەوە کە سەماکارێکی پیشەگەریشم و هەر لەمنداڵییەوە حەزم لەسەما کردنە توانیم لەو ڕووەوەش سەرکەوتوو بم، بەڵام سەرکەوتنم لەو فیلمە و کارەکانی پێشوومدا مانای ئەوە نییە کە من ئەکتەری ئیغرا و خۆ ڕووت کردنەوە بم وەك کەسانێك باسم دەکەن، چونکە لەهەموو ڕۆڵەکاندا دەتوانم بەهەمان شێوە سەرکەوتووبم لەوانەش ئیغرا و ورووژاندن و بۆ هەموو لایەکیش دەڵێم دەرخستنی مێینەتی ئافرەت مانای ئیغرا نییە.



# دوای ١١ ساڵ پێوەندی، ئینریکی بە کۆرنیکۆڤا ڕازی نییە

گۆرانیبێژی پۆپی ئیسپانی ئینریکی ئیگلیساس جەختی لەوە کردەوە کە ڕازی نییە لەگەڵ ئانا کۆرنیکۆڤای کچە یاریزانی پێشووی ڕووسی ژیانی هاوسەری پێکبهێنی، هەرچەندە ماوەی ١١ ساڵە پێوەندیان هەیە.

سەرەڕای ئەوەش ئینریکی بیرۆکەی بوونی منداڵی ڕەت نەکردۆتەوە، لەم بارەیەوە لەدیمانەیکیدا لەگەڵ گۆڤاری (بارايد) وتی: قەت ڕۆژێك لەڕۆژان بیرم لەوە نەکردۆتەوە ژیانی هاوسەری پێکبهێنم، چونکە پێموانییە کە ژیانی هاوسەری هیچ جیاوازییەك دروست بکات لەژیانماندا و باوەڕیشم بەوە نییە کە گرێبەستێك خۆشەویستی نێوان من و ئانا بەهێزتر بکەن، ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە دایك و باوکم جیابوونەوە، ئینریکی زیاتر وتی: لەم ڕۆژگارەدا بوونی منداڵ دوور لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی کارێکی ئاساییە، گرنگ ئەوەیە منداڵەکە باش بێت.

لەلایەن خۆیشیەوە کۆرنیکۆڤاش ڕایگەیاند کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەلای ئەوەوە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پێوەندییەکی زۆر بەهێزی هەیە لەگەڵ ئینریکی و زۆریش دڵخۆشە لەو ژیانەی ئێستا و هەر کاتێکیش پێی باش بێت، ئەوا بیر لەو بابەتە دەکەنەوە.





# بریتنی بە١٠ ملیۆن دۆلار ڕازی نییە

بڕیار وایە بریتنی سپیرز وەك ناوبژیوان لەبەرنامەی (ئێکس فاکتۆر ئەمریکا)بەشدار بێت لەکەناڵی (فۆکس).

لەم بارەیەوە ماڵپەری (ئی ئۆنلاین) ئاشکرای کرد کە بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکە بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاریان پێشکەش بەبریتنی کردووە بۆ بەشداری کردن لەو بەرنامەیە کە لەداهێنانی سایمۆن کاولە، بەڵام ماڵپەری ناوبراو ڕایگەیاند کە بریتنی داوای ١٦ ملیۆن دەکات و بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری (هۆلیۆد ڕیپۆرتەر) جایسۆن تروایك ئێستا خەریکی گفتوگۆ کردنە لەگەڵ هەردوو لا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێك.

شایەنی وتنە ماوەیەکە باسی ئەوە دەکرێت کە بریتنی وەك ناوبژیوان بەشداری لەو بەرنامەیەدا بکات لەجیاتی هەر یەکە لەپۆل عەبدول و نیکۆڵ شیرزنیگەر، بەڵام کاول ئەم هەواڵەی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دووپات نەکردۆتەوە.

# نەوال: هێشتا دڵم تەڕە



خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەوال ئەلزوغبی دوور لەکاری هونەری، خۆی بەئافرەتێکی دڵناسـك و پڕ لەسۆز وەسف کرد، هەروەها ئەوەشی درکاند کە ئافرەتێکی دڵ تەڕە.

نـەوال لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەری (صنارە) ئەوەی خستـەڕوو کە هیـچ کاتێك حەز ناکات دەرفەتـەکان بقۆزێتەوە، بەڵکو حـەزی لەڕووبەڕووبوونەوەیە، چونکە دەزانـی لەژیاندا چی دەوێت، نەوال بۆ یەکەم جار ئەوەشـی خسـتە ڕوو لەژیاندا تەنیا لەپیری دەترسـێت و دیمەنی ئەو ئافرەت و پیاوە پیرانەی کە ناتوانن لەشـەقامدا بپەڕنەوە زۆر کاریگەریی تێدەکەن و ئەم دیمەنەشی بەسەرچاوەی تـرس دانا بۆ هەموو هونەرمەندێك بەتایبەتـی ئافرەتەکان و ئەوەی دان بەمە نەنێت درۆ دەکات.

دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆیشی دوای جیابوونەوەی لەهاوسەرەکەی، نەوال وتی: لەئێسـتادا هیچ پیاو لەژیانمدا بوونی نییە، چونکە من بۆ هونەر و منداڵەکانم دەژیم، نەوال هەروەها ئەوەشـی ئاشکرا کرد کە زۆر حەز لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی جۆری مارسیدس و خوێندنەوە دەکات بەتایبەتی لەبواری ئابـووری و تەکنۆلۆژیا، دەربارەی بۆنیش نەوال وتی: ماوەی ١٠ ساڵە من یەك بۆن بەکاردەهێنم ئەویش بۆنی (شانیل Chanel N°٥.)ـە.

# ڤانیسیا بەقژی زەردەوە جوانترە

ڤانیسـیا هادگنیـزی کچە ئەکتەر سـەرقاڵی بەشـداری کردنە لەفیلمێکی نوێـدا بەناوی (Spring Breakers) و ڕۆڵەکەی لەم فیلمەدا پێویسـتی بەقژی زەرد هەبـوو بۆیە باڕۆکەیەکی زەردی بەکارهێنا.

فیلمەکە لەفلۆریدا تۆمار دەکرێت بۆیە لەبەر گەرمی کەشوهەواکەی وا پێویسـت دەکات جلوبەرگی بەرین لەبەر بکەن، ئەوەی ڤانیسـیای تەمەن ٢٣ سـاڵ بەقژە زەردەکەیەوە زۆر جوانتر و سەرنجڕاکێشتر بوو و زۆر لەهاوڕێیانـی داوایـان لێیکرد کە ئیتر هەمیشە بەو ستایلە دەربکەوێت جوانترە.



ڤانیسـیای دەربارەی ئـەم فیلمە دەڵێ: ئەم فیلمـە باس لەچوار کچ دەکات کـە هـەوڵ دەدەن بانکێك بـدزن، جایمس فرانکـۆش ڕۆڵی پاڵەوانـی تێدا دەبینی، من ڕۆڵی یەکێك لەکچەکانـم هەیە بەناوی (کاندی) کە کەسایەتییەکی شەڕخواز نییـە، بـەڵام لەنێـو هاوڕێیانی بەکەسێکی شێت ناسراوە، چونکە هەوڵی دزینـی بانکێك دەدات ئەویـش تەنیا لەبەر ئەوەی کە لەناخی مندا پاڵنەرێك هەیە بۆ دەستبەسـەرداگرتن و تێکدان.

# سیرین کچێکی هەژار و جلوبەرگی ملیۆنێران



دوایین کاری خانمە هونەرمەندی لوبنانی سیرین عەبدولنور بەشداری کردنە لەزنجیرە درامایـەك بەنـاوی (ڕۆبـی) و ڕۆڵی کچێکی هەژار دەبینێت کە پارەی ئەوەی نییە دایکی خۆی بباتە نەخۆشـخانە بۆ چارەسەرکردن.

بـەڵام جلوبەرگەکانـی سـیرین بووە مایەی تێبینـی کردنـی ڕەخنەگران، چونکە لەم زنجیرەیەدا ڕۆڵی کچێکی هەژار دەبینێت کەچی لەجلوبەرگیدا وا دەردەکەوێت کە ملیۆنێرە تەنانەت کاتێك لەنەخۆشـخانەیە لەگەڵ دایکـی چاویلکەکـەی هـەر لەچـاوە و دایناناێت، لەلایەکی دیکەوە ڕەخنەگران بەراوردی نێوان سـیرین و باربار مۆری پاڵەوانی ئەو زنجیرە مەکسیکییەیان کرد کە هەمان ڕۆڵی (ڕۆبی)ی بینیوە و زۆریشیان بەئاشکرا ڕایانگەیاند کـە باربارا زیاتـر توانیویەتی ڕۆڵەکـەی سـەرکەوتوانەتر بەرجەستە بکات.

# نیان عەبدوڵڵا: خۆشەویستی منداڵەکانم وایکرد

ئەوەی لەبەرهەمەکانی ئەم دواییــەی خانمە هونەرمەند نیان عەبدوڵڵا بڕوانێت هەست بەبوونی گۆڕانکارییەکی ئاشکرا دەکات لەهەموو لایەنەکانەوە بەتایبەت تێکست و کلیپدا، هەروەها لەجۆر و ســتایلی گۆرانییەکانیدا، بۆ نموونــە یەکێك لەگۆرانییەکانی تایبەت بــوو بەمنداڵان کە ئەمەش جاری یەکەمە بەو شــێوەیە گۆرانی بڵــێ، لەدیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا ســەبارەت بەو بابەتانە و چەند بابەتی دیکەی پێوەندیدار، خاتوو نیان عەبدوڵڵا بەم شێوەیە دەدوێ:



*** دایکایەتی چ هەستێکی لادروست کردی تاکو خۆشەویستیت بۆهونەر و ژیان زیاتر بێت؟**

- هەستێکی زۆر خۆشی لام دروست کردووە، دایکایەتی هەستێکی زۆر قورسە بەڕاستی پەروەردەکردنی دوومنداڵی دووانە ئەرکێکی زۆر قورسە بەتایبەتی بۆکەســێکی هونەرمەند وەك من، چونکە بەهیچ شێوەیەك ناتوانم لەهونەرەکەم داببڕێم، بەهۆی منداڵەکەم خۆشەویستیم بۆهونەرەکەم زیاتر بوو، دایك وشەیەکی زۆر گەورەیە ئەوە دەگەڕێتەوە ســەر کەسایەتی و سەلیقەی، خۆ گونجاندن بەتوانای خۆمەوە بەندە دەتوانم کاری ماڵ و دایکایەتی و کاری هونەریشــم بکەم، هەروەها بەڵێن دەدەم زیاتر پەرە بەهونەرەکەم بدەم.

*** لەکلیپەکانــی ئەم جارەت گۆڕانکاری زۆر کراوە لەکوالیتی و دەرهێنان و وێنەگرتندا، هەوڵت داوە نیان وەك ئافرەتێکی هونەرمەند نیشان بدەی یان تەنیا ئافرەتێکە وەك ئەوانی تر؟**

- بیــرم کردەوە پێویســتە هونەرمەند ســتایلی خۆی بگۆڕێ و بەشــێوەیەکی جیاواز دەربکەوێ بۆئەوەی ئەو خەڵکە بێزار نەبێ بڵێ هەموو جارێك هەمان ئاوازە و هەمان شیعرو بابەتە و دووبارە دەبێتەوە، پێشــتر ئەو گۆرانیانەم دەوت کەغەمگین بوون ئێســتا ڕووم داوەتە شــادی، بۆیە پێویســتە بەردەوام خۆم بگۆڕم، ئازایەتی لەوە بەدیار دەکەوێ بتوانی هەموو ستایلێك بڵێیت،چونکە خەڵکانێك هەن حەزیان لەگۆرانی شــادیە و هەیە غەمگین یان ئەرابێســك گوێ دەگرێ، بۆیە نابێ تەنیا گۆرانی بۆ خۆشەویســتی بڵێی پێویستە بۆ بۆنەو یادەکانیش گۆرانی بڵێی، من گۆرانیەکم بۆ ســەری ســاڵ گوت منــداڵان و زۆربەی خەڵکانیش پێیان خۆش بوو، ئەگەر گۆرانیەکە بــۆ ڕۆژێك و دووان بێت، ئەوا نابێ فەرامۆش بکرێت، من دەمەوێ بەهەموو شێوازێك گۆرانی بڵێم.

***باســت لەخۆشەویستی کرد بۆمنداڵ، ئەو گۆرانیە بەهۆی دوو منداڵەکەت بوو یان پێشتر لەبەرنامەتدابوو؟**

- لەوڵاتە عەرەبیــەکان زۆر گرنگی بەگۆرانی منداڵان دەدرێ، منیش بیرم لەکارێکی لەو جۆرە کردبۆوە، ئاواز دانەرێك تۆمارگایەك نەبووە کارم بۆبکات بۆیە دواکــەوت، لەوەتەی منداڵەکانم هاتونەتە دنیاوە حەز دەکەم گۆرانی بۆ منداڵان بڵێم، کاتی کریستمسیش ئەو گۆرانیەم هەر لەخۆشەویســتی منداڵانەوە وت، زۆرخۆشــحاڵ دەبم زۆربەی دایك و بــاوکان پێم دەڵێن منداڵەکانمان داوای گۆرانی تۆ دەکەن، دەمەوێ گۆرانییەك بکەم نەك منداڵەکان، بەڵکو گەورەکانیش حەزی لێ بکەن و لەهەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بێت.

***جــاران ئافرەت گۆرانــی دەوت تەنیا دەنگ بوو تێکســتەکە پیاوانەبوو، ئایا چۆن دەبینی ئێستا ئافرەت توانیویەتی گۆرانی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بڵێ؟**

- بێگومان هەیە، بەڵام کەمە، ئێستاش ئافرەت کە گۆرانی دەڵێ لەوانەیە مەبەستی هەر ئەوەبێ کەسانێك هەڵپەڕێنێ، بۆیە دەڵێم ئەم جۆرە گۆرانیانە نەوترێت باشترە، ئێستا گۆرانیبێژ دەتوانێ تێکستەکە بگۆڕی، بۆنموونە با گۆرانی حەســەن زیرەکیش بێت کچەکە بکە بەکوڕێــك زۆر ئاســاییە گۆڕانکاری تێدابکەی، خۆم بەوشــێوەیە لەسەرەتاوە کارم نەکردووە، چونکە بەلامەوە زۆر گرنگ نەبووە.

*** کرانەوە هەیە، ئافرەتی زۆر هەیە لەبواری هونەریدا، بەڵام وەکو پێویست گۆرانی ناڵێن، پێتوایە بۆ شەرم بگەڕێتەوە؟**

- پێموانیە شەرم بێ، چونکە ئەگەر شەرم بکات بۆچی گۆرانی دەڵێ، ئەوگۆرانیە ڕەسەنانە لەناو خەڵکدا خۆشن ئافرەتان ناچار دەبن بیانڵێنەوە، یان خۆیان ناگەڕێن بەدوای شتی خۆش لەوانەیە گۆرانی هەبــێ بۆخۆم پێم خۆش بێ و بیلێمــەوە، بەڵام تۆماری ناکەم یان لەئاهەنگێکــدا بیلێم، بۆیە ناچار دەبن گۆرانی ڕەســەن بڵێنەوە یان داوایان لێ دەکرێ، بەڕای من نەیلێنەوە چونکە ئەوانیش ناشــرین دەکەن، ئێســتا ئاوازی باش نەمــاوە کارەکان هەمووی هەفتەیەکەو دەتوێتەوە نامێنێ.

*** ئەگەر دوو تێکســتت هەبێ یەکیــان خاوەنەکەی پیاو بێ و ئەوەی تر ئافرەت کامەیان هەڵدەبژێری و بۆچی؟**

- من گرنگــی بەوە نــادەم، بەڵکو تاچ ڕاددەیــەك ناوەرۆکی تێکســتەکە کار لەخۆم دەکات وەك نیان ئــەوە هەڵدەبژێرم، زۆر جار شــیعری ئافرەتیش هەبووە هەڵمبژاردووە جاری واش پیاوانم دەست نیشان کردووە، لەبەر ئەوەی شیعرەکە زیاتر لەخۆم نزیك بووە.


*** هونەرمەنــدان لەئاهەنگی شــەوانە گۆرانــی دەڵێن، بۆ ئەم دیاردەیە چی دەڵێی؟**

- هەر شتێك خێزانی بێت ئاساییە بەلای منەوە، بەڵام ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەوە بەئاسایی وەربگرێ ئافرەت لەئاهەنگی شەوان و سەهراتدا گۆرانی بڵێ، ئەوە لەوڵاتانی ئەورووپی و عەرەبی ئاساییە، لەشەوانی سەری ساڵ و یادی نەورۆز ئاســاییە لام وەك و هونەرمەندێك بانگهێشــت کرابم، بەڵام ئەگەر شــوێنەکە خواردنەوەی لێبێ هەرگیز شتی وا قبوڵ ناکەم و بیریشم لێ نەکردۆتەوە.

*** ژمارەیەك تیپ و گرووپی مۆســیقی ئافرەتان هەیە، پێتوایە ئەوانە شتێکی وایان کردبێت ئافرەت زیاتر بێتە ناو هونەر و ئافرەتانیان زیاتر پێشخستبێت؟**

# گۆرانی بۆ منداڵان بڵێم





-ئەمە دەگەڕێتەوە سەرئاستی گروپەکان تاچەند پێشکەوتوون، من لەگرووپی کۆرسی تەواردام لەوێوە ڕۆژانە مۆسیقا دەخوێنم، نۆتە و مۆسقا فێربووم، بەردەوام گوێم لەنۆتەکانی مۆسیقایە، بەڵام تۆ بچیتە گرووپێکەوە تەنیا مۆسیقا لێبدەن و گۆرانیە کۆنەکان بڵێنەوە جیاوازە، من خۆم لەو گرووپە ئەگەر هەستم کرد ئیشمان دەوەستێ خۆم دەچم بەشوێن شیعرو شتی تازە بۆئەوەی کارمان هەبێ نەك هەر شتی کۆن و گۆرانی بڵێینەوە، ڕاستە ئەمانە گەنجینەی هونەری کوردین، بەڵام دوای چەند ساڵێکی تریش گۆرانیەکانی ئێمەش دەچنە ڕیز ئەوانەوە، بۆیە پێویستە ئێمەی ئافرەت ئیشی تازە بکەین نەوەك هەر شتێك وترا بیلێینەوە، ئەگەر ئەم گرووپانە لەلایەن حکومەتەوە گرنگیان پێبدرێت و کاری جوان بکەن، ئەوە دەبێتە پاڵنەر بۆئەوەی ئافرەتان بێنە دەرەوە لەماڵەوە بەتایبەتی ئەوانەی دەنگیان خۆشە.

*** بۆ پرۆفیشیناڵی چ پێوەرێکت هەیە؟**

- یەکەم شت شیعر و دووەم ئاواز و دوایی دەنگی ئەو گۆرانیبێژە، بەڵام ئەگەر ئیشەکەت لەستۆدیۆیەك بۆکرا بەجوانی بۆت نەکرا، ئەوە گۆرانیەکەش دەمرێت. بێجگە لەوانە من دەیگەڕێنمەوە بۆ ستۆدیۆیەکی باش ئیشەکانت بەجوانی بۆ بکەن.

*** کاری هونەری داهاتووت چی دەبێ؟**

- بیرم کردەوە سیدیەك بکەم، بەڵام بۆ ئێستام زۆر زەحمەتە، چونکە دەمەوێ سیدیەکەم کوالیتیەکی زۆر بەرزی هەبێ و جیاواز بێ لەوانەی پێشترم، بۆیە بیرم کردەوە یەك دوو گۆرانی بکەم بەڕاستی دەرهێنەرانی ئێمە بەوشێوە نین بتوانین بڵێین کاری جوانمان کردووە، بۆیە لەئێران یان تورکیا کارەکانم دەکەم، بتەوێ نەتەوێ ئەوان لەڕووی کەلوپەلەوە لەئێمە پێشکەوتووترن، بۆیە ئاوا گۆرانی تۆمار دەکەم باشترە لەوەی ئەلبومێك بکەم ئیشەکانی کرچ وکاڵ بن، دەمەوێ شتێکی زۆرجوان بکەم شتێکی کوردی بێ نەوەك تورکی یان ئێرانی پێوە دیاربێ ئێستا پرۆژەیەکم هەیە بۆ نەورۆز گۆرانیەکم وتوە خواتەمەن بدات پێشی نەورۆز یان یەکەم ڕۆژی لەکەناڵەکان پەخش دەکرێت، لەوانەیە لەمەو دوا گۆرانی نیشتمانی بڵێم وەك ئەوەی نەورۆز.

*** باست لەوە کرد بەنیازنی سیدی بکەی ئایا هەر ئەم ساڵ بەرنامەت وایە یان هەردەتەوێ لەسیدی دووبکەویەوە؟**

- لەوانەیە ببێتە بەرنامەی خۆم، لەوەباشترە سیدیەك بکەی گۆرانیەکانی کرچ وکاڵ بێت، کارەکانی ئێرە زۆر زۆر لەیەك نزیکن، چونکە ستۆدیۆمان کەمە هەموو گۆرانیەکان دەچنەوە سەریەك کە دەزانی لەکوێ کراوە چۆن کراوە بەردەوام حەزم لەگۆڕانکاریە لەئیشەکانم، ئیشێك بکەم بچێتەوە سەر ئەوەی کردوومە قەت نامەوێ.